# لە کۆتایی قۆناغی یەکەمی خولی نایابی کوردستان

## بروسک لەسەرووی لیستی یانەکانە

## کارساز محەمەد، گۆڵکاری قۆناغی یەکەمە



دوای تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان، یانەی



**کارساز محەمەد**

بروسک بەکۆکردنەوەی (٣٤) خاڵ توانی شوێن پێی خۆی لەسەرووی لیستی یانەکان قایم بکات، ئەم یانەیە لە (١٥) یاریدا (١٠) بردنەوەو (٤) بەرامبەرو (١) دۆڕاندنی هەیەو (٢٠) گۆڵی تۆمار کردووەو (١٠) گۆڵیشی لێکراوە، یانەی بروسک لەدوا یاری هەفتەی (١٥)می قۆناغی یەکەمدا توانی بە تاکە گۆڵێک لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بباتەوە.

یانەکانی دیکەش بەمشێوەیە دێن، هەولێر (٣٣) خاڵ، سیروانی نوێ (٣٠) خاڵ، هەندرێن (٢٣)خاڵ، دهۆک (٢٢) خاڵ، سەورە (١٩) خاڵ، پێشمەرگەی سلێمانی و ئارارات و زاخۆ و نەورۆز (١٨) خاڵیان هەیە، سلێمانی (١٧)خاڵ، کەرکووک و پێرس و پێشمەرگەی هەولێر (١٥) خاڵیان هەیە، سیمێل (١٢) خاڵ ، ئالا (٩) خاڵ.

* گۆڵکارانی قۆناغی یەکەم یاریزانی سیروانی نوێ (کارساز محەمەد)ە، کە خاوەنی (١١) گۆڵە، لەدوای ئەویش یاریزانی زاخۆ (مەسعود هادی)یە کە (٩) گۆڵی هەیە.

* یانەی هەولێر زۆرترین گۆڵی تۆمار کردووە کە ژمارەکەی (٢٠) گۆڵە، بە پێچەوانەوە یانەی سیمێل زۆرترین گۆڵی لێکراوە کە ژمارەکەی (٢٦) گۆڵە.

* یانەی بروسک زۆرترین بردنەوەی هەیە کە ژمارەکەی (١٠) بردنەوەیە، بەڵام یانەی ئالا زۆرترین دۆڕاندنی هەیە کە (١٠) دۆڕاندنە، هەروەها هەردوو یانەی پ.هەولێر و زاخۆ زۆرترین بەرامبەربوونی هەیە کە (٩) بەرامبەربوونە.

* هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و ئارارات لە یاری و بردنەوەو بەرامبەربوون و دۆڕاندن و گۆڵکردن و گۆڵ لێبوون و خاڵدا وەکو یەک وان، دەڵێی ژێراوژێر لەگەڵ یەکدا رێککەوتوون.

**ئا: وێنە: محەمەد سەعید کوردە**




# عەبدولخالق مەسعود نهێنییەکانی شکستی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی کەنداوی (١٩)ەمین دەستنیشان دەکات



بەڕێز (عەبدولخالق مەسعود) بەڕێوەبەری کارگێڕی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق و ئەمینداری گشتی دارایی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، لە لێدوانێک دا بۆ فایلی وەرزشی گۆڤاری هەرێمی کوردستان، نهێنییەکانی شکستی سەرنەکەوتنی هەڵبژاردەی عێراقی دەستنیشانکرد لە پاڵەوانییەتی جامی کەنداوی ژمارەی (١٩)ەمین کە لە میرنیشینی عومان سازکرا کە هەڵبژاردەی عێراق دوو یاری دۆڕاند لەگەڵ هەڵبژاردەی بەحرێن (٣-١) و لەگەڵ هەڵبژاردەی عومان (٤-سفر)و لە یاری دوایی لەگەڵ هەڵبژاردەی کوێت بەگۆڵێک بەرامبەر بوون، بەڕێز (عەبدولخالق) ئەنجامە خراپەکانی گەڕاندەوە بۆ گەلێک هۆکار کە کاریگەری تەواویان هەبوو لەسەر ئەنجامەکان، یەک لەمانە ماوەی خۆ ئامادەکردن کەمبوو، یاریزانەکان ماوەیەکی زۆر کەم مەشقیان بە یەکەوە کردو هەماهەنگیان نەبوو لەگەڵ یەکدی و زۆربەی یاریزانە پیشەگەرەکان کێشەیان هەبوو لەگەڵ یانەکانیان کە بواریان پێنەدەدان تا بەشداری بکەن لەسەربازگەی مەشق و هەریەکەیان لە وڵاتێک بوون و درەنگ پەیوەندیان بە هەڵبژاردەکە کرد، هەروەها ڕاهێنەر ڤیرا دووچاری هەندێ هەڵەی کوشندە بوو یەک لە هەڵەکانی وەرگرتنی تەنها دوو یاریزان لەیانەی هەولێر و فەرامۆشکردنی کۆمەڵە یاریزانێکی باش و لێهاتوو کە لەیانەکە یاری دەکەن کە دووساڵە لەسەریەک جامی خولی نایابی عێراق بەدەست دێنێت هەر وەکو پێشتر وەڵامی ڤیرام دایەوە کە گوتبووی ناتوانێت لە یانەیەکی نایاب (٣) یاریزان بانگهێشت بکات کە ئەم قسەیەی دوورە لە ڕاستی لەبەر ئەوەی یانەی هەولێر ئامادەیە هەموو یاریزانەکانی بخاتەگەڕ بۆ بەرژەوەندی هەڵبژاردەی عێراق، هەروەها یاریزانە پیشەگەرەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان یاریان دەکرد و خۆیان نمایش دەکرد بەمەبەستی بەدەست هێنانی گرێبەستی گرانبەهاو ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندی گشتی تیپەکە، هەروەها دەبێ ئەوەش بلێین بۆ مێژوو کە هەموو تیپەکانی کەنداو لە تیپی عێراق دەترسان و زۆر بەجیدی لەگەڵی یاری دەکەن و هەموو ئامرازێک بەکاردەهێنن تەنها بۆ ئەوەی لە عێراق ببەنەوەو زۆر بەدڕندەیی یاری لەگەڵ دەکەن هەر وەکو بەچاوی خۆمان دیمان بەتایبەتی لەیاری بەحرێن و عومان کە چەند یاریزانی عێراقیان شکاندو دووریان خستنەوە لە یاریکردن، ماوە ئەمەش بڵێین کە ئاستی ناوبژیوانانی کەنداو زۆر لاوازەو بەردەوام غەدر لە تیپی عێراق دەکەن و لایەنگیری تیپەکانی خۆیان دەکەن، هەروەکو ئاشکرایە کە تیپی عومان گۆڵی یەکەمی ئۆفسایدبوو و چەندین یاریزانی عێراق بەکارتی سوور دەرکران تەنها مەبەستی ناوبژیوانەکان ئەوەبوو تیپی عێراق لاواز بکەن و یاری لەگەڵ دەروونیان بکەن، هەروەها بەڕێز (عەبدولخالق مەسعود) ئەمەی ڕوونکردەوە کە ئەم شکستە پێویستە ببێتە وانەیەک بۆ یەکێتی تۆپی پێی عێراق و سوودی لێ وەربگیرێت و بەشداری لە هیچ خول و پاڵەوانیەتییەک نەکرێت ئەگەر خۆیان بە تەواوی ئامادە نەکەن و ئاستی خۆیان بزانن ئینجا بەشداری بکەن و زۆر پشت بەیاریزانە کۆنەکان نەبەستن کە تەنها ناویان هەیە و بێ ناوکن و بەردەوام تیپ نوێبکرێتەوە. لەکۆتایی بەڕێز عەبدولخالق ئەو پڕوپاگاندانەی بەناڕاست لەقەڵەم دا کە گوایە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراقی هەڵدەوەشێتەوە پاش ئەم شکستە وەرزشییەو بەقسەی ناحەزانی ئەژمارکرد.



**دیمانە/ عیماد قادر**

# یانەی وەرزشی سلێمانی و ئایندەیەکی لێڵ



**ئاوات مەحمود-سلێمانی**

یانەی وەرزشی سلێمانی بەدایکی یانەکان ناودەبرێت و لە ساڵی ١٩٥٦ وە دامەزراوە و خاوەنی چەندین سەروەرییە، بەڵام زۆر جێگای داخە ئەمڕۆ ئەم یانەیە کراوە بەعیبرەت، دەبوو ئەمڕۆ یانەی سلێمانی بەهێزترین و پڕ دەسکەوتی وەرزشی بوایە، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆتە ئەو یانەیەی کە بەردەوام مۆدێلی نوێ لە شکستمان پیشان دەدات و بەردەوام ئەوانەی کە ڕۆژانێک لەم یانەیەوە خزمەتیان بەبزاوتی وەرزشی کردووە نیگەران دەکات ئەویش هۆکارەکەی بەڕێوەبردنی یانەی سلێمانییە لەلایەن ئیدارەیەکی زۆر لاوازەوە لەڕووی بەڕێوەبردنەوە، لە وەرزی ئەمساڵی خولی تۆپی پێی پلە نایابەکانی عێراق لەسەرەتاوە خەریک بوو دڵخۆشی دەیگرتین بەهۆی چەند بردنەوەیەکیەوە، بەڵام دیاربوو هەر زوو بۆمان دەرکەوت کە دڵخۆشکردن بە ئەنجامی باشی یانەی سلێمانی تەنها خۆخەڵەتاندنە و هیچی دی نییە، ئەوە بوو شکست دوای شکست و دۆڕان دوای دۆڕانمان بینی لەناو یاریگای سلێمانی و لە دەرەوەی یاریگای سلێمانی، کەمن لێرەوە دەڵێم هۆکاری هەموو دۆڕاندنەکانی یانەی سلێمانی دەستەی کارگێڕی یانەو سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی سلێمانییە، بۆیە پێویستە ئەگەر بەڕاست دەیانەوێ خزمەتی وەرزشی سلێمانی بکەن ئەوا زۆر بەزوویی هەر هەموو دەستەی کارگێڕی یانە دەست لە کار بکێشنەوە و ڕێگا بۆ کەسانێکی خەمخۆر و پسپۆری وەرزشی چۆڵ بکەن تا بتوانن یانەی وەرزشی سلێمانی کە خاوەنی دەیەها سەروەرییە لەم دۆخە نالەبار و پڕ لە شکستە دەرباز بکەن، لێرەوە دەمەوێت چەند خاڵێک ڕوون بکەمەوە:-

١- هەمیشە دەستەی کارگێڕی یانە هۆکاری خراپی ئاستی یانەکە بۆکەمدەرامەتی دەگێڕنەوە، بەڵام من دەپرسم ئاستی دارایی یانەی سلێمانی باشترە یان ئەم یانانە کە لەناو یاریگای خۆتان و لە دەرەوەش بەئەنجامی گەورە لە یانەکەتانیان بردۆتەوە(نەفت، کەرکوک، سامەڕا، جەوییە، شورتە).

٢- هەموو یانەیەک بەهیوایە یاریزانێکی بەتوانای شارەکەی خۆی هەڵبکەوێت و یاری پێبکات کەچی یانەی سلێمانی دوو یاریزانی بەتوانای وەکو (ئەحمەد سالار و نوری) دەردەکات و سوودیان لێوەرناگرێت لەسەر قسەیەک و ڕەخنەیەک.

٣- هەموو یانەیەک ئەگەر لە یارییەکدا دۆڕا هەوڵ دەدات بزانێت هۆکاری لاوازی تیپەکەی چییە تا چارەسەری بکات، بەڵام دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی سلێمانی شەش یاری لەسەریەک دەدۆڕێت و مێشیش میوانی نییە و یاری دوای یاریش ئاستی خراپتر دەبێت دۆڕانەکەشی قورستر دەبێت.

٤-یاریزانە باشەکانی وەکو (هەڵگورد و دارا و زانا و بورهان و کاروان و کامەران و مستەفا و هتد)دەبات لە خولی کوردستان یارییان پێ دەکات کە هەموویان تووشی پێکان دەبن و ئاوا لە خولی عێراقدا دەبن بەپەند. ئینجا یانەی سلێمانی بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یاریزانەکانی خولی عێراقیش لە خولی کوردستاندا لە یانەیەکی وەکو (یانەی هەندرێن)ی شاری هەولێر لەناو سلێمانیشدا ناباتەوە.

٥- من پێموایە سەرۆکی یانە کاک (سەرکەوت حەسەن)جیاوازە لە دەستەی کارگێڕی یانە بە هەموو ئەنجامێکی خراپی یانەی سلێمانی زۆر نیگەران دەبێت، بەڵام بەڕاستی ئەویش پێویستی بە بەخۆداچوونەوەی تەواو هەیە و لەم شکستانەی یانەکە لێپرسراوی یەکەمە، چونکە ئەو سەرۆکی یانەیە.

٦- کەم تەرخەمییەکی دیکەی دەستەی کارگێڕی یانە ئەوەیە کە ئەگەر دەڵێن کێشەی داراییان هەیە، بۆ لە پێناوی یانەی سلێمانی داوای هاوکارییان لە بەرپرسان نەدەکرد کەمن دڵنیام زۆر چاک یارمەتیان دەدان؟ بەهەر حاڵ هیواداریین ئەمساڵیش وەکو پار چۆن دابەزینی یانەی سیروانی نوێمان بینی بۆ پلەیەک، ئاواش دابەزینی یانەی وەرزشی سلێمانی نەبینین بۆ پلەیەک کە زۆر چاوەڕوانکراوە.




# بیرلسکۆنی دەرگاکان بەڕووی ریال مەدرید دادەخات



پاش ئەو هەموو دەنگۆیەی گوایە یاریزانی بەرازیلی کاکا لە کۆتایی ئەم وەرزەدا دەچێتە ریزی یانەی ریال مەدرید، سەرۆکی یانەی میلانی ئیتاڵی سیلفیۆ بیرلسکۆنی هەموو ئەو قسانەی بە درۆخستنەوەو بەربەستی لەبەردەم چوونی ئەم یاریزانە داناو لە لێدوانێکیدا رایگەیاند«کاکا بە هیچ شێوەیەک ناچێتە ریال مەدرید» ئەم لێدوانە لەوکاتەدا دێت کە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانی بڵاویانکردبۆوە کە یانەی ریال مەدرید لە هاوینی داهاتوو بۆند لەگەڵ کاکا مۆر دەکات.
ئەم هەڵوێستەی میلان بەرامبەر کاکا وا دەکات ئەم یاریزانە بەخۆی دابچێتەوە، پاش ئەوەی میلان دەیویست بە پارەیەکی خەیاڵی«کاکا» بداتە یانەی مانسیتی ئەمەش وایکرد کە ئەو یاریزانە تووشی بارێکی دەروونی خراپ بێت، سەرەڕای لێدوانەکانی بیرلیسکۆنی بە نەڕۆیشتنی کاکا بۆ ریال مەدرید بەڵام رۆیشتنی کاکا نزیکە چونکە میلان دەیەوێ بە فرۆشتنی ئەم یاریزانە باری دارایی خۆی راستبکاتەوە.

**ئا: سەهەند یاسین**

# یانکۆڤیچ بەردەوامە لە سەرکەوتنەکان و ئیڤانۆڤیچ ماڵئاوا

کچە یاریزانی سربی تێنسی سەر زەوی یلینا یانکۆڤیچ ریزبەندی یەکەم لە سەرکەوتووان بۆ گەڕی هەشتەمی کۆتایی لە پاڵەوانێتی ئوستراڵیای کراوە، کە بە یەکێک لە چوار گەورەترین پاڵەوانێتی تێنسی سەر زەوی هەژمار دەکرێت، یانکۆڤیچ لەگەڕی داهاتوو رووبەڕووی کچە یاریزانی فەرەنسی ماریۆن بارتۆلی دەبێتەوە.
بە پێچەوانەی هاونیشتمانییەکەی ئانا ئیفانۆڤیچ کە بەرامبەر کچە یاریزانی رووسی کلیبانۆفا شکستی هێناو ماڵئاوایی کرد. هەروەها کچە یاریزانی رووسی دینارا سافینا ریزبەندی سێیەم سەرکەوت بەسەر یاریزانی ئەستونی کایا کانیبی، چاوەڕوان دەکرێت سافینا لەگەڕی داهاتوو لەگەڵ کچە یاریزانی فەرەنسی ئەلیزیە کۆرینە یاری بکات.
لە هەمان پاڵەوانێتی کچە یاریزانی رووسی فیرا زفوناریفا سەرکەوت بەسەر کچە یاریزانی ئیتاڵی سارە ئیرانی، هەروەها یاریزانی رووسی نادیا بتروفا سەرکەوت بەسەر یاریزانی کازاخستانی گالینا فۆسکۆبۆیفا، لە کۆتاییدا کچە یاریزانی ئوستراڵی یلینا روکیتش سەرکەوت بەسەر کچە یاریزانی دانیمارکی کارولین فۆزیناکی.

**ئا: کامەران خالید**

